| IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT | پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق |
| --- | --- |
| Kurdistan-Hawler | کوردستان ـ هەولێر |
| No: | ژمارە : |
| Date: | تاریخ : ١٧ / ١٢ / ٢٠١٤ |

## بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
ژمارە ٢٤٤٤
بەروار ١٨ / ١٢ / ٢٠١٤
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان

کاروبار

### بابەت/ پڕۆژە یاسا

**سلاوو ڕێز**

ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە پڕۆژە یاسای ( **پاراستنی یەکێتی گەل و خاکی کوردستان – عێراق** ) تان پێشکەش دەکەین، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان .

**لەگەڵ ڕێزماندا...**

پرۆژە یاسای
پاراستنی یەکێتی گەل و خاکی کوردستان - عێراق

ماددەی ١/ پێناسەی زاراوەکان

کوردستان - عێراق: پانتایی رووبەری جوگرافی – مێژوویی خاکی کوردستانی عێراقە
گەلی کوردستان: هەموو ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئاینزایانە دەگریتەوە کە لە کوردستانی عێراق دەژین:

ماددەی ٢:
گەلی کوردستان – عێراق پێکهاتووە لە کورد و نەتەوەکانی تورکمان و کلدان سرایان ئاشوری و ئەرمەن و عەرەب ، ئایین و ئاینزاکانی تر و، لەوانەش بە پێی یاسا هاوڵاتیین.

ماددەی ٣: گەلی کوردستان – عێراق مافی دیاریکردن و بریاردانی چارەنووسی خۆی هەیە، بە گوێرەی ریساکانی یاسی گشتی نێودەوڵەتی و دەستووری هەمیشەیی عێراق، بە پێی ئەم مافەش ئازادە لە دیاریکردنی پێگەی رامیاری و بەدیهێنانی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و کولتووری خۆیدا.

ماددەی ٤:
ئەم یاسایە گەرەنتی لە بوونی مافی نەتەوەیی و رۆشنبیری و کارگێری دەکات بۆ پێکهاتەکانی تورکمان، عەرەب، کلدان و سریان ئاشوری، ئەرمەن بە مافی ئۆتۆنۆمیشەوە بۆ هەر پێکهاتەیەک کە لە هەر شوێنێک زۆرینەی دانیشتوانی هەبێت.

ماددەی٥:
یەکەم: خاکی کوردستان – عێراق، لە پارێزگای دهۆک بە سنووری کارگێری ئێستای و، لە پارێزگاکابی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و شنگال و تەلەعفەر و تلکێف و قەرەقۆش و باشیقە و ئاسکی کەڵەک لە پارێزگای نەینەواو، هەرد وو قەزای خانەقین و مەرکەزی ناحیەی مەندەلی لە پارێزگای دیالەو، قەزای بەدرە لە پارێزگای واسیت بە سنووری کارگێری ساڵی ١٩٦٨ پێک دێت.

دووەم: رووبەری کوردستان – عێراق ٧٨٧٣٦ کم٢ و، بە نەخشەی پاشکۆ ئەم ناوچانە دەگرێتەوە:
١-پارێزگاکان: دهۆک، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، هەڵەبجە.
٢-هەموو قەزاو ناحیەکانی پارێزگای نەینەوا، جگە لە قەزاکانی موسڵ و بەعاج و بەزەر.
٣-قەزاکانی خانەقین و کفری و مەندەلی (جگە لە ناحیەی بلدروز) لە پارێزگای دیالە.
٤-قەزای توزخورماتوو لەپارێزگای سەلاحەددین.
٥-قەزای بەدرە لە پارێزگای واست.

ماددەی٦: کوردستان - عێراق، یەک دەستوور و یەک ئاڵا و یەک سروودی نیشتمانی دەبێت کە شکۆمەندی تاک و مافی پێکهاتەکان و سەروەری گەل و خاک دەپارێزێت.

ماددەی ٧:
شاری هەولێر پایتەختی کوردستان – عێراقە، تەنها پەرلەمان دەتوانێ بە زۆرینەی ٣/٢ی دەنگەکانی شارێکی دیکەی هەرێم بکاتە پایەتەخت.

ماددەی٨:
خاکی کوردستان – عیراق، یەکێتییەکی یەکپارچەیی بە یەکەوەگرێدراوەو دابەش نابێت و، یەک دەسەڵات و سەروەری ناوخۆو دەرەکی هەیە.

ماددەی٩:
هەر ئاڵوگۆڕییەکی سیاسی، کارگێری، بێ رەزامەندی ٤/٣ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان ئەنجام نادرێت.

ماددەی ١٠:
دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان پابەند دەبن بە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

ماددەی ١١:
ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە پەیگیری پێ دەکرێت و، لە وەقایعی کوردستان بڵاو دەبێتەوە.

هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە

پاڵپشت بە راستییە مێژووییە جوگرافیەکان و ، بە مەبەستی جەخت کردنەوە لە رووبەری خاکی کوردستانی عێراق و، دیاریکردنی پانتایی قەڵەمڕەوەی و حوکمرانی یاسایی حەقداری کەردستان – عێراق و، بە مەبەستی پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەیی خاک و گەلی کوردستان – عێراق، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | ئومێد عبدالرحمن | |
| ٢ | حیات مجید قەرەنی | |
| ٣ | فیروز عبدالخالق | |
| ٤ | حوریە ایوب | |
| ٥ | فرمان جەوهەر | |
| ٦ | ئاوان حمید | |
| ٧ | هەردان حیدر مصطفی | |
| ٨ | تحسین اسماعیل | |
| ٩ | انس محمد شریف | |
| ١٠ | دلشاد شعبان ئاکۆران | |
| ١١ | صباح بشار آغا | |
| ١٢ | نافع کبیر محمد سعید | |
| ١٣ | آمنە ذکری سعید | |
| ١٤ | پەروا علی | |
| | محمد صادق سعید | |